# هۆكار و مەبەستەكانی مەزراندنی دیمەنی سێكسیی لە رۆمانی كوردیدا

پ. ي. د. جەلال ئەنوەر سەعید
زانكۆی كۆیە
فاكەڵتی پەروەدرە – بەشی زمانی كوردی
٢٠١٨
jalal.anwer@koyauniversity.org

# زاراوەی ئیرۆتیکا

لە ئەدەبی ئەوروپی: ئیرۆتیکۆس ، رۆس، ئیرۆس

لە ئەدەبی عەرەبی: الادب المكشوف، الادب الماجن، ادب الجسد

لە ئەدەبی کوردیدا: ئەدەبی کراوە، رووتەمەنی، ئەدەبی جەستە

# پێناسەی ئیرۆتیکا

ئەو ئەدەبە "ئەویندارییەیە کە جەخت لە خواست و ئارەزوو و چێژەکانی جەستە دەکات" (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد)

"ئەو نووسینانەن کە پەیوەستن بە پەیوەندییە سێکسییەکان بە هەموو جۆرە جیاوازەکانییەوە" (مجدي وهبە)

"داماڵینی سیفەتی ئاژەڵانەیە لە کردەی سێکسییدا، و گوێزانەوەیەتی بۆ کارێکی هونەریی کە تیایدا خەیاڵ و هەست و فانتازیا و کولتوور کۆبێتەوە» (ماریۆ بارگاس یۆسا)

(ئاننا د. گاروودا – Anna D. Garuda)ش ئیرۆتیکا بە "دەڵاڵی پەیوەندی نێوان سێکس و ئەوین" (پێشرەوی سەید برایم، ٢٠٠٨، ٢٢) دادەنێت بە مەرجی ئەوەی کە هەردوو کەسەکە (نێر و مێ) ویستیان لەسەر بێت.

# جیاوازی نێوان ئیرۆتیکا و خۆشەویستیی

دیارە کە ئیرۆتیکا پێشتر لە پەیوەست بە خۆشەویستییەوە هاتۆتە ئاراوە، بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی ئەوە ئیرۆتیکا جەخت لەسەر جەستە دەکاتەوە لە دۆخی وروروژاوییدا، بۆیە لەم ڕووەوە لەگەڵ خۆشەویستییدا جیادەبنەوە هەر یەکەیان بە جۆرێك لە جەستە دەڕوانن.

١. لە ئیرۆتیکادا جەستە لە کاتێکدا هۆکاری وروروژاندن و بزواندنی هەستەکانی مرۆڤە، لە هەمان کاتیشدا ئامانج لەم وروروژاندنە هەر گەیشتنە بە جەستە، واتە لە یەك کاتدا جەستە هۆکار و ئامانجیشە. بەلآم لە خۆشەویستییدا جەستە نە هۆکارە نە ئامانجە بەڵکو خودی ئەوي دی وەکو مرۆڤ مەبەستە.

٢. لە ئیرۆتیکادا کەسێکی دیاریکراو و هەڵبژێردراوی دڵ و خواست بۆ بەرانبەر لە ئارادا نییە. بەڵام لە خۆشەویستییدا کەسێکی دیاریکراو هەیە و هەموو هەست و خەیاڵی کەسی یەکەم بۆ خۆی داگیردەکات و گەیشتنیش بە جەستەی گرنگترین شت نییە بەڵکو لە دوای پێکهێنانی هەموو خەونە فانتازیی و خەیاڵییەکانەوە دێت.

٣. لە هەمووشی گرنگتر لە پراکتیزەکردنی هەستی ئیرۆتیکیدا ترۆپکی حەزەکانی مرۆڤ گەیشتنە بە چێژ، بەلآم ئەم هستە لە کرداری خۆشەویستییدا نییە، بەڵکو ئامانج تیایدا

# دیمەنی سێکسیی لەنێوان قبوڵکردن و ڕەتکردنەوەی نووسەرانی کوردا

# مەبەستەکانی مەزراندنی دیمەنی سێکسیی لە رۆمانی کوردیدا

1. دیمەنی سێکسیی وەکو هۆکاری گوزارشتکردن.

(رۆمانی ئەژدیها، رۆمانی ئەودیو سنوور)

٢. دیمەنی سێکسیی وەکو هێما.

(رۆمانی ئژدیها، رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، رۆمانی ئەدیو سنوور)

٣. دیمەنی سێکسیی وەکو ئامانج.

(رۆمانی نازە، رۆمانی ئەژدیها)

# ئەنجامەکان

١. چاکتر وایە زاراوەی (ئەدەبی جەستە) لە زمانی کوردیدا لە بری زاراوەکانی تری وەکو (ئەدەبی کراوە و رووتەمەنی) بەرانبەر بە ئیرۆتیکا و تەنانەت پۆرنۆگرافیاش بەکاربێت، چونکە زاراوەیەکی گشتییە هەردوو بوارەکە لەخۆدەگرێت.

٢. مادام ئەدەب گوزارشت لە ژیان دەکات و سێکسیش داینەمۆی بەردەوامیی ژیانە، ئاسایی و بگرە پێویستیشە کە لە تێکستی ئەدەبییدا بمەزرێنرێت و هیچ پاسا و بیانوویەك نییە بۆ رەتکردنەوەی.

٣.سێکس وەکو هۆکاری (گوزراشتکردن و هێما) خزمەتی دەق دەکەن چ لە ڕووی ناوەرۆکەوە چ لە ڕووی هونەرییەوە، بەڵام وەکو ئامانج، بە تایبەتیش بە مەبەستی ورووژاندنی هەستی خوێنەر و پەیداکردانی بازاڕ بۆ دەقەکە کارێکی نەشیاو و ناپەسەند و قبوڵکراو نییە.

٤.لە رۆمانەکانی کە کەرەستەی توێژینەوەکەن، رۆمانی (ئەژدیها) لە هەموویان دەوڵەمەندترە بە دیمەنی سێکسیی و بۆ هەر سێ مەبەستەکەش بە سەرکەوتوویی مەزراندوویەتی، جگە لەوەش سێکس وەکو ئامانج بە مەبەستی گەیاندنی خۆشیی بە خوێنەر مەزراندووە. رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) و (ئەودیو سنوور)یش لە مەزراندنی دیمەنی سێکسییدا سەرکەوتووبوونە، بەڵآم لە رۆمانی (نازە)دا ئەو دیمەنانە هیچ خزمەتێکی ئەوتۆ بە رۆمانەکە ناکات و دەرهێنانیشیان هیچ زیانێك بە دەقەکە ناگەیەنێت.

٥.هەر لەبەر ئەوەش دەکرێ ئەو دیمەن سێکسییانەی کە تەنیا ئامانجیان ورووژاندنی هەستی خوێنەر، بخرێنە ناو چوارچێوەی ئەدەبی پۆرنۆگۆافیاوە.